# ئەو تێكۆشەرەی لە لوتكەدا ژیاو لە لوتكەدا شەهید بوو

زۆرنین ئەو تێكۆشەرانەی, هەموو تەمەنی خۆیان تەرخاندەكەن بۆ خزمەتكردنی گەل‌و نیشتمان‌و خۆیان بێبەش دەكەن, لەهەموو خۆشییەكانی ژیانی خودی مرۆڤ و تاموچێژ لە خەبات‌و تێكۆشان, لەپێناوی ئازادی‌و سەرفرازی گەل‌و نیشتماندا وەردەگرن‌و هاوبەشیی بەردەوام و كاریگەر دەكەن, لەجولانەوەی رزگاریخوازیی گەلە ستەمدیدەكەیاندا, بەهیواو ئاواتێكی پڕ لەهیمەت‌و ورەی بەرزو ویستی پۆڵایینەوە, دەچنە مەیدانی خەبات‌و هەرگیز دانابڕێن لەوكاروانە شكۆدارە, تا دەگەنە دوامەنزڵگەی هیواو ئاواتی گەلەكەیان, یان لەوپێناوەدا شەهید دەبن‌و دروشمی (كەم ژیان‌و كەڵ ژیان) بۆ هاوڕێ‌و هاوسەنگەران‌و نەوەكانی داهاتووش بەجێدێڵن‌و مێژووی پڕ لە سەروەریی بۆ خۆیان‌و نەتەوەكەیان تۆمار دەكەن‌و ڕێبازی خەباتیش بۆ هاوبیرەكانیان ڕووناك دەكەنەوە.

یەكێك لەو تێكۆشەرانەی كە توانی ئەركی نیشتمانی‌و نەتەوەیی خۆی بەزیادەوە جێبەجێبكات‌و مۆم ئاسا بسووتێ‌و دەوروبەری ڕووناك بكاتەوە, شەهیدی نەمر مامۆستا جەمال تاهیر بوو. ئەو تێكۆشەرەی لەدوو زەمەنی جیاوازو لەدووشوێنی مەترسیداردا, یەكتریمان ناسی‌و كردینی بەدوو هاوڕێی متمانەدار بە یەكتری لە رووبەروبونەوەی ئەو ڕووداوانەی كە هەر تەنها گیانی خۆمانی نەدەخستە مەترسیی مردنەوە, ئەوەندەی پەیوەندیی بەگیانپاراستنی هاوڕێ‌و هاوسەنگەرانی ترەوە هەبوو.

یەكەمجار لە ساڵی 1973 كەلێپرسراوی ڕێكخراوی پارتی دیموكراتی كوردستان بوو لە دەربەندیخان‌و شوێنێكی پڕ لەكێشەو گیروگرفت بوو, بەهۆی ئەوەی حامیەیەكی سەربازیی گەورەی سوپای عیراقی لێبوو, لەلایەك و لەلایەكی تریشەوە حیزبی شیوعی عێراقی شوێن پێی مێژوویی خۆی هەبوو لەو شوێنەداو هەر بەوپێیەش ڕێكخستن‌و جەماوەری زۆری هەبوو, بەتایبەتی رۆژ لە دوای رۆژ دوردونگی‌و ناكۆكی نێوان پارتی‌و حزبی شیوعی لە زیاد بووندا بوو, هەریەكەیان لە روانگەی جیاواز بە ئەویتر سەیری مەسەلەو پێشهاتەكانیان دەكرد, بەتایبەتی مەسەلەی پێكهێنانی بەرەی نیشتمانی یەكگرتوو, بەسەركردایەتی حیزبی بەعس.

ئەوەبوو حیزبی شیوعی بڕوای بەپێكهێنانی ئەو بەرەیە هێنابوو بە كارێكی حەتمی‌و زەروری دائەنا. پارتیش بەپێچەوانەوە هیچ بڕوایەكی بە ڕاستگۆیی بەعس نەبوو وئەو پرۆژەشی بەتاكتیك دەزانی‌و ئامادە نەبوو, یارییەكی دۆڕاو وازی بكات. لەئەنجامی ئەو دوو ڕوانگەو هەنگاونانی حیزبی شیوعی بەرەو (بەرە) بەسەرۆكایەتی بەعس, ڕۆژانە گێرمەو كێشە دروست ئەبوو, تا كارگەیشتە هەڵگیرسانی شەڕی خوێناویی نێوان هەردوولایان, لەناوچەی قەرەداغ‌و هێزەكانی پارتی (لقی 10) حیزبی شیوعییان, لەدۆڵی سەوسێنیان‌و شاخی گوڵان شكاندو كردنیان بەناو دەربەندیخاندا. ئەوانیش بۆ تۆڵە سەندنەوەی ئەو شكستەیان, بەبەرچاوی حامیەی سەربازیی ڕژێمەوە لەبەرەبەیانی رۆژێكی مانگی تشرینی دووەمی ساڵی 1973دا, پەلاماری بارەگای دەربەندیخانی پارتیان داو مامۆستا جەمال لەوكاتەدا, لەكەمپی خوارەوەی دەربەندیخان بوو كە توانی بەهاوكاریی حەمەی حاجی مەحمودی هارونی لەو كەمینەی بۆیان دانابوو خۆی ڕزگار بكات‌و بگاتەوە ناوبارەگاكەی‌و شەڕ لە چێشتەنگاودا كۆتایی هات‌و هێزی سەربازیی ڕژێم, هاتنە نێوان هەردوولاوە كە بۆیان دەركەوت بارەگای پارتی ناگیرێ. مامۆستا جەمال ڕۆڵی بەرچاوی بینی لە تێكشكاندنی ئەو هێرشەو سەركەوتنێكی گەورەی بەدەستهێنا. جگە لەوەی لەوەوپێش زۆر حەكیمانە كێشەی نێوان هەردوولای چارەسەر دەكردو نەیدەهێشت هیچ لایەك زەرەری لێبكەوێت‌و بە گیانێكی

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

مەسئولانەو دڵسۆزانە ڕووبەڕووی ئەو بارو دۆخە ناهەمواره دەبوەوە, تا چوونە دەرەوەی بارەگای پارتی لەشاری دەربەندیخان.

دووەمجار لە 1979/5/17 لە زیندانی ئەمنی سلێمانی یەكترمان گرتەوە, كاتێك مامۆستا جەمال لەو بەیانییەدا گیراو هێنرایە ئەمنو پێنج شەو و شەش ڕۆژ لەژێر ئەشكەنجەی چڕدا بوو, بەهۆی ئەوەی كەسێك بەناوی (ا) ئیعتیرافی لەسەركردبوو, لەبەرئەوە دەستیان لێ كۆتا نەدەكردو بەبەردەوامی ئەشكەنجەو ئازاری خراپیان ئەدا بەچاوی بەستراوو دەستو پێی كەلەپچەو پێوەند كرا, دوای تەواو بوونی ئەوماوە دورو درێژەی ژێر ئەشكەنجە دان, سێ مانگی ڕەبەق لە زیندانىدا هێشتییانەوەو بەلێبووردنی گشتی ئازاد كرا.ئەوەی لەوماوەیەدا, لەسەر مامۆستا جەمال ڕەچاوم كرد, پیاوێكی هێمنو لەسەرخۆبوو, شڵەژاویىو تێكچوونی پێوە دیارنەبوو لەبەردەم لێكۆڵینەوەو وەڵامدانەوەی جەلادەكاندا, ئاساییو خۆڕاگرو چاو نەترس بوو, هەرگیز دڵەڕاوكێو ڕاڕایی بەلایدا نەدەهاتنو گاڵتەی بەقسەو درۆكانیان دەهات, ئەشكەنجەو ئازاردانی جەستەییو دەروونیی كاریان تێنەدەكرد. ئەوەندە ئازاو قارەمان بوو, ئازایەتی لەبەردەمیا بەچۆكدا دەهات.

لەلایەكی تریشەوە قسەخۆشەكانی, كەشوهەوایەكی دوور لە بارودۆخی ناو زیندانی دەخوڵقاندو زەردەخەنەی سەرلێوەكانی ورەی هاوزیندانیانی بەرز دەكردەوە.

هەرچەندە ناتوانم لەم چەند دێڕە نووسینەدا, بەتەواوی باس لە هەڵوێستی جوامێرانەی مامۆستا جەمال بكەمو ئەوەم هێشتوەتەوە بۆ ئەو كتێبەی لەسەر بیرەوەرییەكانی ناو زیندان كە لەئاییندەدا بڵاویدەكەمەوە.

لەكۆتاییدا دەڵێم هەزاران سڵاو لە گیانی پاكی ئەو شەهیدەی لە لوتكەدا ژیاو لە لوتكەدا شەهید بوو.

مەحمود قەرەداغی

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com